# رۆڵی سیاسی و سەربازیی خێڵ و هۆزەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان ئێران و عوسمانیدا (١٧٢٩-١٧٤٧)

پ. د. خەلیل عەلی موراد

د. نعمەت شەهاب حاجي

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

پێوەندییەکانی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی لە ماوەی ساڵانی (١٧٢٩-١٧٤٧) هەڵبەز و دابەزی زۆر و رەوتێکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیان هەبووە. بە درێژایی ئەم ساڵانە، کە لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەفغانەکان (١٧٢٢-١٧٢٩) و بەدیارکەوتی نادرقولی ئەفشار لە ساڵی ١٧٢٩لە سەر شانۆی سیاسی ئێرانی ئەو کاتە، تا مردنی نادرشا لە ساڵی ١٧٤٧دەخایەنێ، ئەم دوو دەوڵەتە پتر خەریکی جەنگ و پێکداهەڵپرژانی بەردەوام بوون، ئەگەرچی ئەم پێوەندییانە هەندێ جاریش و لە ماوەی ساڵانی (١٧٣٠- ١٧٣٦) و چەند ساڵی دوای مردنی نادر شا نیمچە ئارامییەکی ناسەقامگیری بەخۆیەوە بینی. لەم ماوەیەدا خێڵەکان و هۆزە رەسەنە کوردییەکانی نیشتەجێی ویلایەتی کرماشان، کە بە هۆی پێکهاتەی جوگرافیایی و سنوورە دەستنیشانکراوەکانی پێشووتر، دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی بوون، وەک پاسەوانی سنوورە هاوبەشەکانی نێوانیان، بە درێژایی ماوەی جەنگەکان، بە بەردەوامی بە هەموو هێز و توانای جەنگاوەری خۆیان لایەنگری شاتەهماسبی دووەم و شا عەبباسی سێیەمی دوا میراتگری خانەدانی سەفەوییەکان و ئینجا نادرشای ئەفشار بوون.

دیارە ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە، بەرهەمی ئاڵۆز و پەشۆکاوی گۆڕانکارییە یەک لە دوای یەکەکانی، ساڵانی دوای ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی و سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی ئەفغانەکان و هەروەها دەرئەنجامی بە دیارکەوتنی نادرشای ئەفشار بوون، کە بەرۆکی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بە گشتی و ویلایەتی کرماشانی بە

تایبەتی گرتبووەوە. لە سۆنگەی ئەم باسەوە هەوڵمان داوە بە وردی تیشک بخەینە سەر رۆڵی سیاسی و سەربازیی خێڵەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان ئێران و عوسمانیدا، لە ماوەی ساڵانی(١٧٢٩-١٧٤٧) و هۆکارەکانی بەدیارکەوتن و گەشەسەندنی ئەو خێڵ و هۆزە گەورە و ناودارانەی کە لە کاتی شەڕ و ململانێکان وەک بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی سوپای دەوڵەتی ئێران دژ بە عوسمانییەکان دەجە نگان و لە کاتی بەرقەراربوونی ئاشتی و تەباییشدا، دەستەبژێرە دیار و سەرکردە کارزان و بەئەزموونەکانیان وەک شالیارێکی لێهاتوو بە نوێنەرایەتی دەرباری دەوڵەتی ئێران لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، رۆڵ و پێگەی بەرچاویان هەبووە، بخەینە بەر باس و گفتوگۆیەکی بابەتیانە. لەم ڕووەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شەن و کەوی لایەنە گرنگەکانی پاڵنەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازیی و تەنانەت کەسایەتیی و دەستەبژێرە گرنگە کان و مەودای قەڵەمڕەوی سیاسیی خێل و هۆزەکان، دەستنیشان بکات و رۆڵیان لە پێوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییەوە لە ماوەی ساڵانی (١٧٢٩-١٧٤٧) دا بکۆڵێتەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی، ویلایەتی کرماشان، خێڵە گەورەکانی زەنگەنە و کەلهوڕ، شاتەهماسبی دووەمی سەفەوی، نادرشای ئەفشار.*

---

**پێشەکی:**

خێڵەکان و هۆزە رەسەنە کوردییەکانی نیشتەجێی ویلایەتی کرماشان[1]، بە درێژایی مێژووی بوونیان لەم جوگرافیا پان و بەرین و هەستیارەدا رۆڵێکی گرنگی سیاسیی و سەربازییان لە مەودای پێوەندیی نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا گێڕاوە. ئەم خێڵ و هۆزانە هەر لە سەرەتای سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەکان (١٥٠١-١٧٢٢) هاتنە ناو کایەی سیاسی، سەربازیی و کارگێڕی دەوڵەت و بەرەوپێشچوونی زۆر باشیشیان بەخۆوە بینی. سەرکردە گەورە و ناودارانی خێڵی زەنگەنە[2] کە یەکێ لە گەورەترین خێڵە رەسەنەکانی کوردن لە دام و دەزگاکانی سەفەوییەکان بەرزترین پلەکانی سیاسی، سەربازی، کارگێڕی و دیپلۆماسی دەوڵەتی ئەو کاتەی ئێرانیان بەدەستەو بوو و تەنانەت بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵیش توانیان پۆستی هەرە گرنگی سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی سەفەوییان بە ڕێوەببەن. هاوکات سەرۆک هۆزە گەورە و ناودارانی خێڵی کەلهوڕ[3] یش دواتر هاتنە ناو مەیدانی سیاسەت و پلە و پۆستی باڵای سیاسی، سەربازیی و کارگێڕییان لە ماوەی فەرمانڕە وایەتی سەفەوییەکان دەستەبەر کرد و حوکمڕانی هەندێ لە ناوچەکانیان بەدەستەوە گرت(برن، ١٣٤٩: ١٠-١١).

دوای بەدیارکەوتنی نادر قولی خانی ئەفشار(١٧٢٩-١٧٣٦)لە سەر شانۆی سیاسی ئێرانی پاش رووخانی سەفەوییەکان، جگە لەم دوو خێڵە ناودار و بەهێزە، هۆزەکانی گۆران و سنجاوی و هۆزە وەندییەکانی دیکەش بواریان بۆ رەخسا کە لە بواری سیاسەت و سەربازیدا، ئەسپی خۆیان تاو بدەن و بە پاڵپشتیکردنی نادر خان لە گرتنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی باکوور و باکووری رۆژئاوای ئەو کاتەی ئێران بە گشتی و ویلایەتی کرماشان بە تایبەتی، کە لە لایان هێزە سەربازییەکانی سەربە دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستی بە سەرداگیرابوو، هاوکاریی و بەشدارییبکەن. لەو کات و ساتە هەستیارەدا سەرۆک هۆزە گەورەکانی خێڵی زەنگەنە پتر لە باقی خێڵ و هۆزە کانی دی، سەرنجی نادریان بەلای خۆیاندا راکشابوو. عەبدولباقی خانی زەنگەنە یەکێ لەو کەسایەتییە بەهێزانەی خێڵی زەنگەنە بوو کە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن نادرشای ئەفشارەوە وەک باڵوێزی دەوڵەتی ئێران بۆ نێوەندگیرییە سیاسییەکانی لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژێردرا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم ڤەکۆڵینە زانستییە هەوڵێکی تازەیە لە پێزانین و زانیاریی نوێ کە لە پێشەکی و چوار تەوەری جیا و کۆبەندێک پێکهاتووە. لە پێشەکیدا بە پوختی باسی بارودۆخی گشتی ویلایەتی کرماشان لە ساڵانی دوای رووخانی دەوڵەتی سەفەوی تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئەفشارەکان (١٧٢٢-١٧٣٦) لە سەر دەستی نادر شای ئەفشار دەکەین. تەوەری یەکەم بریتییە لە: **پێکهاتەی خێڵەکانی ویلایەتی کرماشان و بەشدارییان لە شەڕ و پێکدادانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە ساڵانی (١٧٢٩-١٧٣٦)**. تەوەری دووەم باس لە **رۆڵی خێڵ و هۆزەکانی کرماشان لە رزگارکردنی ئەم ویلایەتە لە دەست سوپای عوسمانی** دەکات. تەوەری سێیەمیش باس لە **کرماشان، وەک پێگەیەکی بەهێزی جوگرافی، سیاسی و سەربازیی فەرمانڕەوای ئەفشار** دەکات. تەوەری چوارەمیش تەرخان کراوە بۆ باسی **هەڵبژاردنی عەبدولباقی خانی زەنگەنە وەک باڵوێزی دەوڵەتی ئێران و ناردنی بۆ دەرباری عوسمانی** و لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەی کە بە درێژایی توێژینەوەکەماندا پێگەیشتووین وەک کۆبەندی بابەتەکان خستوومانەتە روو.

**گرنگیی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە لە مەڕ نووسین و سەر لە نوێ ساخکردنەوەی رۆڵی سیاسی و سەربازیی خێلات و هۆزەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان هەر دوو دەولەتی ئێران و عوسمانیدا لە ماوەی ١٨ساڵی نێوان بەدیارکەوتنی نادرقولی خانی ئەفشار

له سەر شانۆی سیاسی ئێران له ساڵی ١٧٢٩هەتا کوژرانی ناوبراو له ساڵی ١٧٤٧دا، که تاکو ئێستا وەک پێویست کاری له سەر نەکراوه و تیشکی زانستیی نەخراوەته سەر، بۆیه ئەم جۆره توێژینەوانه، گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیه و دەرخەری ڕێژەی بەشداریکردن و کاریگەریی هێزی شاراوەی خێڵ و هۆزه کوردییەکانه له پێکهاتەی سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی ئەو کاتەی ئێران.

**ڕێبازی توێژینەوه:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوه بۆ گەیشتن به دەرەنجامێکی باشتر و زانستییانەتر، هەر دوو ڕێبازی گێڕانەوەی مێژوویی و ڕێبازی راڤەکاری له نووسینی توێژینەوەکەماندا پەیڕەو بکەین، چونکه رووداوه سیاسی و ئالوگوڕه سەربازییەکان، پێویستییان به پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی هەیه بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوه و هەڵوەسته لەسەر کردنیان. ئەم توێژینەوەیه به پشت بەستن به چەندین سەرچاوەی رەسەن و توێژینەوەی ئەکادیمی به زمانەکانی فارسی، کوردی و تورکی ئامادە کراوه و تێیدا هەوڵدراوه کەوا پتر لەو سەرچاوانه کەڵک وەربگیرێ که له رووداوه مێژووییەکان نزیکتر بن و هاوکات دوور بن له هەر جۆرێ لایەنگری کردن و به لاڕێبردنی ئامانجی توێژینەوەکەمان.

## پێکهاتەی خێڵەکانی ویلایەتی کرماشان و بەشدارییان له شەڕ و پێکدادانه ناوخۆیی و دەرەکییەکان له سالانی (١٧٢٩-١٧٣٦):

دوای رووخانی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) و داگیرکردنی ئەسفەهانی پایتەختی ئێران له لایەن سوپای کاوڵکاری مەحموودی ئەفغان که دوای داگیرکردنی ئەسفەهانی پایتەختی سەفەوییەکان له ماوەی سالانی (١٧٢٢-١٧٢٦) بڕێک له شار و ناوچه و ویلایەتەکانی ئێرانی خسته سەر قەڵەمڕەوی خۆی و بەهۆی زەبروزەنگ و کوشتاری له ڕادەبەدەری ئەفغانەکان و داڕووخانی هەژموونی فەرمانڕەوایی له ناوەندی دەسەڵاتی ئێران، هێدی هێدی ئەستێرەی بەختی نادرقولی خانی ئەفشار درەوشایەوه و هەڵوێسته سەربازیی و بەدەنگەوه هاتنی ناوبراو بوویه هۆی بەدیارکەوتنی له سەر شانۆی سیاسی ئێرانی پەشۆکاو و داڕووخاوی ئەو سەردەمەدا. لەو کات و ساته ئالۆزەدا، خێڵ و هۆزه نیشتەجێبووەکانی هەر ناوچەیەک به مەبەستی بەرگریکردن له خاک و بەرپەرچدانەوەی هێرشی سوپای ئەفغانەکان و دواتریش عوسمانییەکان دەبوایه به مەبەستی بەهێز کردنی سوپای نادرقولی بەشدارییکەن له چالاکییه سەربازییەکانی ناوبراو و سەرباز و چەک و چۆڵ و پێداو یستییەکانی دیکەی بۆ دابین بکەن. خزمەتکردن و بەشداربوون له سوپای نادر به "**سەرانەی خوێن**" له قەڵەم دەدرا و به پلەی

یەکەم ئەرکی سەرشانی خێڵە کۆچەرەکان و سەرۆک هۆزە ناودارەکان بوو تاکو بە پێی ڕادەی خزمەتکردنیان لە ئەرکە کارگێڕی و سیاسییەکان و ماوەی حوکمرانییە ناوچەییەکانیان بەردەوام بوانە (آرنووا و اشرافیان، ١٣٥٢: ١٤٤).

بە پێی ئەم نەریتە، خێڵ و هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی ویلایەتی کرماشانیش لەم دۆخەدا دەبوایە بەشدارییەکی بەرچاو و چالاکانەیان هەبوایە، چونکە جگە لە هێرشی ئەفغانەکان هاوکات تووشی هەڵمەتی داگیرکاریی سوپای عوسمانیش هاتبوون کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی و نەمانی دەسەڵاتی ناوەندی، سوپای عوسمانی ئەم بۆشاییەی بە دەرفەت زانیبوو و ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی داگیر کردبوو. لە کاتی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی نادرقولی ئەفشار، کە هێشتا ویلایەتی کرماشان لە ژێر دەستی عوسمانییەکان دابوو، ژمارەیەک لە هێزە سەربازییە خێڵەکییەکانی کرماشان بە سەرکردایەتی "**حوسێنعەلی خانی زەنگەنە**" تێکەلی سوپای نادر بوون و لە ڕزگارکردنی شارەکانی تاران و قەزوێن لە دەست ئەفغانەکاندا یارمەتی خانی ئەفشاریان دا و ڕۆڵێکی باڵایان بینی. دواتر بە فەرمانی نادر، خانی زەنگەنە لە پاداشتی ئەم بە هەوارهاتنەدا، بە حاکمی ناوچەی فەراهان و گولپایگان دانرا و هاوکات ڕاسپێردرا تاکو لەم هەرێمە گرنگەوە، بە سوپایەکەی خۆیەوە چاودێری سەرجەم جموجۆلە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکات و ڕێگە لە پێشڤەچوونیان بگرێت (شعبانی، ١٣٧٨: ٤٥-٤٦).

دوای هاتنی نادر بۆ ڕۆژئاوا، سوپای خێڵ و هۆزەکانی کرماشان کە پتر لە خێڵەکانی زەنگەنە و کەلهوڕ بوون لە ڕزگارکردنی هەندێ لە ناوچەکانی داگیرکراوی دەست سوپای عوسمانی ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی و بە هۆی شارەزاییان لە ناوچەکانی خۆیان و ئازایەتی نواندنیان لە جەنگەکاندا توانیان دوای چەندین شەڕی گران، بڕێک لە ناوچەکانی ویلایەتی کرماشان لە ژێر دەسەڵاتی سوپای عوسمانی ڕزگار بکەن. سەرکردەکانی خێڵ و هۆزە کانی دیکەی کرماشان لە وانە: گۆران، سنجاوییەکان و هۆزەکانی وەندیش کە پێشتر نەیانتوانیبوو وەک هۆزەکانی ژێر سەرکردایەتیی حوسێنعەلی خانی زەنگەنە و هەندێ لە هۆزەکانی خێڵی کەلهوڕ لەو کات و ساتە هەستیارانەدا بە هانەی سوپای نادر خانەوە بچن، هەر بە گەیشتنی لەشکری خانی ئەفشار بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە سوپاکانیانەوە تێکەلی لەشکری نادرقولی بوون. بە گوێرەی ئاماژەکردنی محەممەد کازم خانی مەروی نووسەری بە توانای عالەمئارای نادری، دوای ئەوەی کە سوپای یەکگرتووی نادر توانی سوپای تەیموور پاشای عوسمانی تێکبشکێنێ و ناوچەکانی داگیرکراوی میرنشینی ئەردەڵانی لە چەنگ

سـوپای عوسـمانی رزگار بکات، له ناوچەکانی دەوروبەری ئەم میرنشـینه، سـەرکرده و گەوره پیاوان و ریشـسـپییانی زەنگەنه و کەلهوڕ و باقی خێڵی کوردی به مەبەسـتی پیرۆزبایی و سـوپاسـگوزاریی، خۆیان گەیانده بارەگای خانی ئەفشـار (مروی، ١٣٧٤: ٣/ ١٣٥).

ئەم مێژوونووسـه کاتێک له درێژەی ئەم بابەته ئاماژه به ڕێژەی بەشـداریکردنی هێزه جەنگاوەرەکانی هەر ناوچه و هەرێم و ویلایەتێک له سـۆپای نادر خان دەکات، ئینجا بۆمان دەردەکەوێ کەوا ڕێژەی هەره زۆر و بەرچاوی هێزه سـەربازییەکانی خێڵ و هۆزه کوردییەکانی ویلایەتی کرماشـان له بەرامبەر هێزەکانی دی چەنده زیادتر بووه. به گوێرەی باسـکردنی مەروی، بەر لەوەی ئەم سـوپا یەکگرتووه به فەرماندەیی خودی نادر خان ڕووی له بەرەکانی جەنگی دژ به عوسـمانی بکات، له ڕێوڕەسـمێکی سـەربازیی له بەرامبەر خانی ئەفشـارەوه نمایشـێکی شـایانیان ئەنجام دا. ڕێژەی بەشـداریکردنی هەرێمەکان لەم سـوپایه که له سـەرجەم ناوچەکانی ئێران پێکهاتبوو بەم شـێوەیه بوو. لەشـکری هەرێمی چیاکان که له شـارەکانی (**ئەسـفەهان، قوم، کاشـان، دەرگەزین، فەراهـان، یەزد، فـارس و کەرمـان**) و له خێلات و هۆزه گەورەکـانی کورد و لوڕ و بەختیارییەکان پێکهاتبوو نزیکەی سـی و پێنج هەزار سـەربازی لەخۆ دەگرت. ئەمه له کاتێکدابوو که هێزه چەکدارەکانی قەڵەمڕەوی عەلیەشـکەر که هەر دوو ویلایەتی هەمەدان و کرماشـانی دەگرتەوه بەتەنیا پترله چل و پێنج هەزار جەنگاوەریان هەبوو (مروی، ١٣٧٤: ٣/ ٨٨٧-٨٨٨). لێرەدا بەدیار دەکەوێ کەوا ژمارەی جەنگاوەره کوردەکانی ویلایەتی کرماشـان به هۆی زیادبوونی خێڵ و هۆزەکانیان لەم هەرێمه بەرفراوانەدا به نسـبەت کۆی ناوچه و هەرێمه کانی دیکەی ئێرانی ئەوکات گەڵێ زیاتر و بەرچاوتر بووه. هێزی ئەم خێلانه له باوەڕی خەڵکدا به جەنگاوەرانی سـوارچاک و شـەڕوانانی کۆڵنەدەر و توانای هەره بەرزی خۆگونجاندن له گەڵ دۆخه سـەختەکان دەناسـران و به هۆی شـارەزایی له ڕادەبەدەریان له جوگرافیای ناوچەکانیان و ژیانی سـەختی خێڵەکی، کاریگەریی و ڕۆڵێکی بالایان له یەکلاکردنەوەی ئەنجامی شـەڕەکاندا هەبوو، هەر بۆیەش دواتر له پێکهاتەی دەوڵەتی ئەفشـارەکاندا دەبن به بڕبڕەی پشـتی سـوپای نادر شای ئەفشار.

## ڕۆڵی هێزی خێڵ و هۆزەکانی کرماشان لە رزگارکردنی ئەم ویلایەتە لە دەست سوپای عوسمانی:

دوای تێکشــکانی ســوپای داگیرکەری ئەفغانەکان بە دەســت نادر قولی، بە فەرمانی شــاتەهماســبی دووەم ( ١٧٢٩-١٧٣٦) رەزا قولی خانی شــاملوو کە یەکێ بوو لە کۆنە سەردارانی سوپای دەوڵەتی سەفەوی، وەک باڵوێزی ئێران، بەرەو دەرباری عوسمانی کەوتە رێ. باڵوێزی ناوبراو ڕاســپێردرا بوو تاکو وێڕای گەیاندنی پەیامی شــاتەهماســبی دووەم وەک تاکە میراتگری دەســەڵاتی ســەفەوییەکان لە ئێرانی دوای نەمانی ئەفغانەکان، هاوکات داوای دەستبەجێ گەڕاندنەوە و پاشەکشەکردنی سوپای عوسمانی لە سەرجەم ویلایات و ناوچە داگیرکراوە کانی رۆژئاوای ئێران و هەروەها ئازادکردنی دیلەکانی جەنگی لە کاربەدەســتەباڵاکانی دەوڵەتی عوسـمانی بکات. دوای گەیشـتنی بالوێز بۆ دیاریکردنی چارەنووســی ناوچە ســنوورییە داگیرکراوەکانی رۆژئاوای ئێران، ئەگەرچی هەردوو لا رێگەی گفتوگۆ و دانۆستانیان گرتبووە بەر، بەڵام نادرقولی کە لەو کات و ساتە هەستیارەدا، خۆی بە تاکە فەرمانڕەوای راستەقینەی ئێرانی پەشۆکاوی دوای نەمانی ئەفغانەکان دەزانی، چاوەڕێی ئەنجامی گفتو گۆی وەفدەکانی دانوســتانی نەکرد و بە یارمەتی هێزە ســەربازییە کوردییەکانی ویلایەتی کرماشــان، بە هێرشــێکی کوتوپڕ توانی ویلایەتی گرنگی هەمەدان لە چەنگی ســوپای عوســمانی دەر بکات و جارێکی دی دەستی بەسەردا بگرێتەوە. بەم هێرشە لە ناکاوە شیرازەی گفتوگۆکان تێکچوو و جارێکی دی شەڕ لە نێوان هەردوو بەرەی عوسمانی و ئێرانی دەستی پێکرد (هنوی، ١٣٦٥: ٥٤).

نادر قولی دوای سەرلە نوێ دەست بەسەرداگرتنی هەمەدان و نەهاوەند، حوسێنعەلی خانی زەنگە نەی وەک حاکمی هەمەدان و کرماشان دەستنیشان کرد (مروی، ١٣٧٤: ١٣٤/١). خـانی زەنگەنە کە پێشـــتر و دوای داگیرکردنی ویلایەتی کرمـاشـــان لە لایەن عوســمانییەکانەوە، بە فەرمانڕەوای شــارەکانی گیلان و فەراهان دانرابوو، بە مەبەســتی یارمەتیدانی لەشـــکری نادرقولی، بە ســـوپایەکی پڕچەکەوە کە لە جەنگاوەرە بە ئەزموونە کـانی خێڵی زەنگەنە و کەلهوڕ پێکهـاتبوو خۆی گەیـانـدە بروجێرد و لە کاتی رزگارکردنی نەهاوەند خۆی و سوپاکەی رۆڵێکی کارایان لە شکاندنی سوپای عوســمانییەکان و مســۆگەرکردنی ئەم ســەرکەوتنەدا بینی (ســردادور، ١٣٥٤: ٣٠٣-٣٠٥). دوای ئەم ســـەرکەوتنە، نادرقولی بە پشـــتبەســـتن بە هێزی کارامەی ژێر ســـەرداریێتی حوســـێنعەلی خانی زەنگەنە بە تەمای رزگارکردنی گشـــت ناوچەکانی ویلایەتی کرماشـان بوو، کە هێشـتا لە سـوپای عوسـمانی پاک نەکرابوونەوە، بەڵام کاتێک لە

ڕێی چاوســـاغەکانەوە ئاگاداریان کردەوە، کەوا تەیموور پاشـــای حاکمی وان و خانە پاشـــای حاکمی بابان بە ســـوپایەکی گەورەوە هێرشـــیان کردۆتە ســـەر ناوچەکانی میرنشـــینی ئەردەڵان و خەریکن لە ســـنەی پایتەختی ئەم میرنشـــینە نزیک دەبنەوە، بە ناچاری وازی لە پلانە پێشوەختەکەی هێنا و ڕووی سوپاکەی لە ناوچەی مەلایەر کرد و لە ئەنجامی شـــەڕێکی ســـەختەوە توانی ســـوپای یەکگرتووی عوســـما نییەکانی زۆر بەتوندی تێک بشکێنێت و راویان بنێت (استرآبادی، ١٣٦٨: ١٥٨-١٦٢).

دیارە بەر لەوە نادر ڕووی سـوپاکەی لە مەلایەر بکات، بە مەبەسـتی دەسـتبەسـەرداگرتنی ناوچەکانی دیکەی ویلایەتی کرماشـــان حوســـێنعەلی خانی زەنگەنەی بە ســـوپایەکی گەورەوە ڕەوانەی ناوچە ســـنووریەیکانی ئەوێ کرد. خانی زەنگەنە لە دیوی کوێســـتانە شـــــاخاوییەکانی کوردانی فەیلی و بە یارمەتیی هێزەکانی دیکەی هاوبەشـــــیان لەم سەفەربەرەدا لە نزیک قەڵای حەسەن پاشا (کامیارانی ئێستا)، لە گەڵ سوپای عوسمانی بە شەڕ چوون و سەرەڕای هەوڵێکی زۆر نەیانتوانی لەم شەڕەدا سەرکەوتن بە دەست بێنن. دوای گەیشتنی  هەواڵی سەرنەکەوتنی سوپای کوردەکان بە نادرقولی کە لە دەوروبەری هەمەدان دامەزرابوو، بە ســـەرداریێتی خۆی ســـوپایەکی تازە نەفەس بە مەبەســـتی بە هانا چوونی سـوپای خانی زەنگەنە و دەسـتبەسـەرداگرتنی ناوچە سـنوورییەکان و دەرکردنی سـوپای عوسـمانی لە ویلایەتی کرماشـان رووی لەو ناوچانە کرد. گوایا حەسـەن پاشـای سـوپا سـالاری عوسـمانی بە بیسـتی ئەم هەواڵە بێ ئەویە هێچ جۆرە پێکدادانێک رووی بدا، تۆپخانە و چەک و چۆڵی خۆی بە جێ هێشـــت و بەرەو بەغدا هەڵهات (اســـترآبادی، ١٣٦٨: ١٦٣).

دوای ڕاکردنی فەرماندەی سوپای عوسمانی، نادر بە مەبەستی رزگارکردنی شاری تەورێز بە سوپاکی گرانەوە بەرەو هەرێمی ئازربایجان بەرێکەوت. ئەحمەد پاشای والی بەغدا بۆ ئەوی ڕێگە لەم کارەی نادر بگرێت، بە ســـــوپایەکی گەورە هێرشـــــی کردە ســـــەر کرماشـان، بەڵام بەر لە وەی بگاتە ئەوێ، هەواڵی تێکشـکان و پاشـەکشـەی سـوپای عوســـمانی لە تەورێز و ئازربایجان و ســـەرکەوتنی ســـوپای نادری پێ گەیشـــت بۆیە بە ناچاری بەرەو بەغدا گەڕایەوە(استرآبادی، ١٣٨٧: ٢٤٢-٢٤٣). هاوکات لەگەڵ رزگارکردنی ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای ئێران و شارەکانی ئەم هەرێمانە لە لایەن سوپای نادر قولییەوە، دۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٧٣٠بە هۆی هەڵگەڕانی سوپای یەنیچری دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی و هێرشی ئەم سوپایە بۆ سەر کۆشکی داماد ئیبراهیم پاشـــای ســـەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی عوســـمانی لەم هێرشـــەدا کوژرا و ســـوڵتان ئەحمە دی

سێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠)یش ناچار بوو دەست لە کار هەڵگرێت و سوڵتان مەحموودی یەکەم (١٧٣٠-١٧٥٤)ی ئامۆزای جێگەی بگرێتەوە (اکس وورثی، ١٣٨٨: ١٩٦).

**کرماشــان، وەک پێگەیەکی بەهێزی جوگرافی، ســیاســی و ســەربازیی فەرمانڕەوای ئەفشار:**

ئەگەرچی شەڕی نێوان ئێران و عوسمانی ساڵانێکی زۆر و تەنانەت بەر لە بەدیارکەوتنی ســـەفەوییەکان و لە ســـەردەمی ئاق قۆینلووەکان و ئۆزۆن حەســـەن (١٤٢٤-١٤٧٨)ی فەرمانڕەواکەیان ســەریهەڵدابوو، بەڵام لە هیچ کات و ســاتێکدا وەک ماوەی ١٨ســاڵی فەرمانڕەوایی ڕاســـتەقینەی نادرقولی/ شـــا (١٧٢٩-١٧٤٧)ی ئەفشـــار جەنگی گەورە و ماڵوێرانیان لە نێواندا رووی نەدابوو. واپێدەچێ هەر لە یەکەمین شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای نادرقولی و عوسمانییەکان لە رۆژئاوای ئێران، خانی ئەفشار بە تێڕوانینێکی وردی سەربازییەوە هەستی بەوە کردبوو، کەوا شەڕ لە گەڵ تورکە عوسمانییەکان ساڵانێکی زۆریت دەخایەنێ و ئاوا بە ئاســـانی لە کۆڵیان نابێتەوە، بۆیە هەر لە ســـەرەتاوە بەدوای جێگە و پێگەیەکی ســـەختی جوگرافیـــایی دەگەڕا کە هـــاوکـــات هەڵگری دانیشـــتوانێکی جەنگاوەر و شـــەڕوانی نەبز بن تاکو بتوانێ لە بەرامبەر تورکەکاندا وەک پێویســت بەرگری بکات و نەهێڵێ چیتر ســنوورەکانی رۆژئاوایان ئاوا بە ئاســانی ببەزێنرێن و ناوچەکانیان داگیربکرێن. بە رزگارکردنی ویلایەتی کرماشــان لە ســاڵی ١٧٢٩ لە لایەن هێزە سەربازییەکانی حوسێنعەلی خانی زەنگەنە، ئەم هەرێمە سترا تێژییە دەگمەنە کەوتە بەر دەســتی نادر و بە دروســتکردنی قەڵایەکی ســەخت و شــوورایەکی پۆلایین بە دەوریدا، واپێدەچێ کە خانی ئەفشار بە مەبەستی پاراستنی سنووری رۆژئاوای ئێران پلانێکی تایبەتی بۆ چۆنیەتی رووبە ڕووبوونەوەی هێرشـــە بەردەوامەکانی دەوڵەتی عوســـمانییەوە هەبووبێ(اســـترآبادی، ١٣٦٨: ١٦٢).زۆری پێناچێ کرماشـــان و دانیشـــتوانە جەنگاوەرەکانی دەبنە کاریگەرترین و گرنگترین پێگەی بەرگری لە ســنوورەکانی رۆژئاوا و یەکێ لە ناوەندە هەرە گرنگەکانی ســـیاســـی و تەنانەت ئابوورییەکانی ســەردەمی فەرمانڕەوایی نادر لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی عوســمانییەکاندا(شــعبانی، ١٣٧٨: ٣٥). لە ســەر ئەم تێڕوانینە دەکرێ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ویلایەتی کرماشــان وەک پێگەی ســەرەکی ســیاســی و ســەربازیی ســەردەمی فەرمانڕەوایی نادر لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

**١- پێگەی تـایبەتی جوگرافیـایی و ژیوســـتراتیژی نـاوچەکە:** کرمـاشـــان بە هۆی هاوســـنووری لە گەڵ ئیمپراتۆریای عوســـمانی و بوونی وەک ناوەندی پێکەوە بەســـتنی شـادەماری هاتۆچۆی ویلایەتی خوراســان بە ویلایەتی بەغدا و نزیکبوونی ئەم ویلایەتە بە

نسبەت ویلایەتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران بۆ کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی گرنگییەکی ستراتێژی لە ڕادەبەدەری هەبوو هەربۆیەش کاتێک ئەحمەد پاشای واڵی بەغدا هێرشی کردە سەر ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێران، لە نێوان شارەکانی لوڕستان، هەمەدان و کوردستان، تەنیا کرماشانی هەڵبژراد و بنە و بارگەی خۆی و سوپاکەی لەم شارە داکوتا(حزین لاهیجی، ١٣٧٥: ٢٢٢). دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جگە لەوەی کە کرماشان لە ڕووی جوگرافییەوە پێگەیەکی بەهێز و سەختی شاخاویی هەبووە، هاوکات بە هۆی نزیکایەتی لە بەغداوە، بێگومان باشترین هەڵبژاردە بووە بۆ والی بەغدا، تاکو لە کاتی تەنگانەدا، لە کەمترین ماوەی زەمەنییەوە خۆی بگەینێتە ناوەندی دەسەڵاتەکەی کە بەغدا بوو.

**٢- زۆری ژمارەی هێزە چەکدار و جەنگاوەرە بە ئەزموونەکانی خێڵ و هۆزەکان:** ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و هۆزە ڕەسەنە کوردییەکانی وەک: "زەنگەنە، کەلهوڕ، گۆران، جاف، سنجاوی و هۆزە وەندییەکان[٤]"بە درێژایی مێژوو لە ویلایەتی کرماشان ژیاون، بۆیە هەر کامە لەم خێلات و هۆزانە لە کاتی تەنگانە و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هێرشی دوژمنەکان دەیان توانی لە کەمترین کاتدا، زۆرترین هێزی شەڕکەر کۆ بکەنەوە، هەر بۆیەش خانی ئەفشار بە بڕیارێکی ژیرانە ئەم هەرێمەی وەک پێگەی سەرەکی بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکەی هەڵبژاردبوو چونکە ڕێژەی هەرە زۆری پێکهاتەی سوپای نادر لە هەردوو خێڵی زەنگەنە و کەلهوڕ، گۆران و هۆزە وەندییە کانی دیکەی نیشتەجێی ئەم ویلایەتە پان و بەرینە پێکدەهات(ویسی قلعە گینە و قنبری، ١٣٩٢: ١١٠).

**٣- هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستەبژێری خێڵ و هۆزەکان:** ئاشکرایە کەوا نادر وەک فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی ئەو کاتی ئێران بە مەبەستی پێوەندیکردن و دانوستان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی پێویستیی بە کۆمەڵێ کەسانی شارەزا و دەستەبژێری بە ئەزموونی ناوچەیی هەبوو کە جگەلە شارەزابوونیان لە ناوچە سنوورییەکانی خۆیان هاوکات زانیاریی بە کەڵکیان لە سەر ناوچەکانی ئەو دیوی سنوور و چۆنیەتی مامەلە کردن لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی عوسمانیشیان هەبووایە، تاکو لە کاتی پێویست وەک واڵی و فەرمانڕەوای ناوچەکان یاخود نوێنەری ڕاسپێردراو، ئەرکی بەڕێوەبردنی گفتگۆکان لە ئەستۆ بگرن. هەر بۆیەش نادر دوای ناسینی و هەڵبژاردنی ئەم دەستەبژێرانە بە دانانیان بە حاکمی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوا، مەودایەکی باشی ڕێک دەخست تاکو ئەوانیش بە کردەوە بەهرە و توانا کارگێڕی، سیاسی و سەربازییەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن و بە پێی توانا کێشەکان چارەسەر بکەن (ویسی قلعە گینە و قنبری، ١٣٩٢: ١١١).

**٤- هەبوونی توانـای بەرزی جەنگـاوەری خێـڵ و هۆزەکـان:** دیـارە هێزە سـەربـازیی و جەنگاوەرە بە ئەزموونەکانی خێلات و هۆزە ڕەسەنە کوردییەکانی ویلایەتی کرماشان، بە هۆی هەبوونی لەوەڕگەی بەپیـت و پێگەی بەهێز و دەوڵەمەنـدی جوگرافیـایی و بەخێوکردنی مەڕومـالاتێکی زۆر و داهـاتێکی بەرفراوان، بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر هێرشـی دراوسێ و نەیارەکانیان، بۆیە ئەم خێڵانە بە مەبەستی خۆپاراستن و هێشتنەوەی دەسـکەوتە کانیان ناچاربوونە لە رووی جەنگاوەری و سوارچاکییەوە ئامادە و بەهێز بن هەتاکو بتوانن بەرگری لەخۆیان و سـنووری دەسـەلاتی خێڵەکی و دەسـکەوتەکانیان بکەن، چونکە بەردەوام لە گەڵ دراوسـێ و نەیارانیان لە جەنگدا بوون، هەر بۆیەش بە هۆی بەشـداریکردن لەم شـەڕانەدا ئەزموونێکی زۆر باشـیان بەدەست هێنابوو و لە کاتی جەنگەکاندا ئازا و بوێر و چاونەترس بوون. کاتێک نادرقولی خانی ئەفشـاریش بەم تایبەتمەندییانەی زانی و بە هۆی گرنگایەتی پێگەی سـتراتیژی کرماشـان و ئازایەتی خەڵکە دانیشـتوانەکەی بڕیاری دا کەوا قەلایەکی سەخت و دژێکی بەهێزی لەم شـارە دروست بکات بۆ شەڕکردن لە گەل هێزە هێرشبەرەکانی عوسمانی. بە گوێرەی ئاماژە پێکردنی میرزا مەهدی خانی ئەسـتەرئابادی مێژوونووسـی بارەگای نادرخان، دوای رزگارکردنی کرماشـان و دانانی حوسـێنعەلی خانی زەنگەنە وەک حاکمی ئەم ویلایەتە، خانی ئەفشـار تا ئەو ڕادەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و بەرگریکردنی ئەم قەلایە لە لایەن حوسـێنعەلی خانەوە دڵنیا بوو، کە مانەوەی خۆی بە پێویسـت نەزانی و بە پاشـماوەی سـوپاکەی لە ئەسـەدئابادی هەمەدانەوە ڕوویان لە ویلایەتی ئازربایجان کرد (استرآبادی، ١٣٦٨: ١٦٣).

**٥- هەبوونی توانای بەرچاوی دابینکردنی دانەوێڵە و پێداویسـتی خواردەمەنی و بارگیر و ئەسـب و هێسـتر بۆ بارەگای سـەربازیی نادر:** بە گوێرەی باسـکردنی رۆژهەلاتناس و مێژوونووسـی ناوداری رووسـی واسـیلی بارتۆلد (١٨٦٩-١٩٣٠) ویلایەتی کرماشـان بە هۆی تایبەتمەندیی ئاووهەوا و هەبوونی لەوەڕگەی باش و ڕێژەی بەرچاوی زەوی و زاری پڕپیت و بەرەکەت و بەرهەمە کشـتوکاڵییە بەرفراوانەکانی بە درێژایی مێژووی بوونی خۆی، بە بەردەوامی یەکێ بووە لە زەنگینترین و گرنگترین ویلایەتەکـانی وڵاتی ئێران بۆ دابینکردنی دانەوێڵە و پێداویستییەکانی خواردن و خواردنەوە (بارتولد، ١٣٨٦: ٢٠٨). بۆیە ئەم تایبەتمەندییە گرنگانەی باسـکران بە گشـتی بوونەتە هۆی ئەوە تاکو ویلایەتی کرماشـان وەک قەلا و پێگەیەکی بەهێزی جوگرافیایی، مرۆیی، ئابووری و سـەربازی، باشـترین هەڵبژاردەی نادر خان / شـا بێت لە نێوان ویلایەتە هاوسـنوورەکانی دیکەی رۆژئاوای ئێران، لە بەردەم هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عوسمانییەکانەوە.

عوســمانییەکان لە ســاڵی ١٧٣٠دوای ئەوەی لە ڕێگەی چاوســاغەکانیانەوە ئاگاداربوون کەوا نادرقولی خانی ئەفشار بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە هێرشی بەربڵاوی ئۆزبەکەکان لە ســنووری باکووری ویلایەتی خوراســان بە ســوپایەکی گەورەوە رووی لە شــاری هیرات کردووە، ســەر لە نوێ هێرشــیان کردە ســەر ناوچە ســنوورییەکانی رۆژئاوای ئێران و لە ئەنجامدا جارێکی دی کرماشــــانیان داگیرکردەوە. لەم کات و ســــاتە هەســــتیارەدا شاتەهماسبی دووەم کە کەسایەتییەکی لاواز و بێ ئەزموونی هەبوو، بە هاندانی کەسە نزیکەکانی بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی تاقیبکاتەوە و بە نادرقولی بسەلمێنێ کەوا بە بێی ئەویش دەتوانێ جلەوی دەســــەڵاتی ئێران بەدەســــتەوە بگرێــت و نــاوچە داگیرکراوەکانی باکووری رۆژئاوا و رۆژئاوای ئێرانیش لە هێزەکانی عوســــمانی پاک بکاتەوە، بە ســــوپایەک رووی لە هەرێمی ئازربایجان کرد. هێزەکانی شــا تەهماســب ئەگەرچی لە ســەرەتادا هەندێ ســەرکەو تنیان بەدەســتەوە هێنابوو، بەڵام دوای نەمانی خواردن بە ناچاری بەرەو تەورێز پاشەکشەیان کرد. لە کاتی پاشەکشەدا شا تەهماسب ئاگادر کرایەوە کەوا عەلی پاشای فەرماندەی یەکێ لە سوپاکانی عوسمانی لە ناوچە کانی ئیروان و ئەحمەد پاشای والی بەغداش لە کرماشـانەوە بەرەو ویلایەتی ئازربایجان و بـاکووری رۆژئـاوای ئێران کەوتوونەتە ڕێ. بە گەیشــتنی هێزە یـارمەتیـدەرەکـانی محەممەد قولی خانی قۆللرئاغاســی[٥] و هێزەکانی بەگلەربەگی ویلایەتی فارس، شــا تەهمـاســــب رووی ســــوپـاکەی لە نـاوچەی هەمەدان کرد. لەوێ دوای کۆکردنە وەی هێزەکان ئامادەی شـەڕ لە گەڵ سـوپای ئەحمەد پاشـا بوو (اسـترآبادی، ١٣٦٨: ٢٢٦-٢٧٢). سـوپای والی بەغدا هەر زوو دەسـتیان بە سـەر کرماشـاندا گرت و دوای راو ورووتی زۆر و کوشـتنی خەڵکێکی بێ دەسـەڵات و سـووتاندنی ئاواییەکانی سـەر ڕێگاکە روویان لە هەمەدان کرد (مسـتوفی، ١٣٧٥: ١٥٦). لە هەمدان شـەڕێکی سـەخت لە نێوان هێزەکانی ئێران بە سـەرکردایەتی شاتەهماسبی دووەم و لەشـکری عوسمانی بە سەرداریّتی ئەحمەد پاشا هەڵگیرسا، کە تێیدا سوپای ئێران زۆر بە توندی تێکشـکا و شا تەهماسبیش لە گەڵ کۆمەڵێک لە پاسەوانەکانی بەرەو ئەسفەهان هەڵهات و ئەحمەد پاشاش دوای ئەم ســــەرکەوتنە گرنگە و دانـانی حـاکمێکی تـازە بۆ ویلایەتی کرمـانشــــا و هەمەدان گەڕایەوە بەغدا. لە لایەکی دیکەوە عەلی پاشــــاش دوای تێپەڕبوون لە ڕووباری ئاراس، توانی دەست بە سەر ناوچەکانی خۆیێ، سەڵماس، مەراغە و تەورێز دابگرێت و داگیریان بکات و بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ بیـانخـاتە ســــەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوســــمـانیەوە (استرآبادی، ١٣٦٨: ٢٢٧-٢٢٨).

بەم شـێوازە ئەو ناوچانەی کە کاتی خۆی نادرقولی دوای کۆمەڵێ شـەڕێکی خوێناوی ڕزگاری کردبوون و توانی بووی بیانخاتەوە سـەر سـنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئێران، شـاتەهماسـبی دووەم لە ماوەیەکی کەمدا بە نازانی و نەشـارەزایی و کەم ئەزموونییەوە پێشکەشی عوسمانییەکانی کردبوو. دوای کۆژانەوەی ئاگری شەڕ هەر دوو لا خوازیاری بەرقەرارکردنی ئاشتی و تەبایی بوون. عوسمانییەکان لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی نادرقولی و شـا تەهماسـبیش بۆ پاراسـتنی هەیبەت و شـکۆی شـاهانەی خۆی، هەر زوو داوای لە دەوڵەتی عوسـمانی کرد کە هەرچۆنی بێ واز لە شـەڕکردن بێنن و بە واژۆکردنی پەیماننامەیەکی ئاشـتی ڕازی بن. بۆ ئەم مەبەسـتە ئەحمەد پاشـای والی بەغدا، راغب ئەفەندیی وەک نوێنەری خۆی راسپارد تاکو سەرپشـک بێ لە نووسـین و ئامادەکردن و ئینجا واژۆکردنی پەیماننامەکە. لە لایان دەوڵەتی ئێرانیشـەوە شـا تەهماسـبی دووەم "**محەممەد رەزاخانی عەبدوڵلا لووی**" وەک باڵوێزی خۆی ڕاسپارد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە. ناوبراو دواتر لە بەغدا لەگەڵ ڕاغب ئەفەندی پەیماننامەی ئاشتییان واژۆ و مۆر کرد (استرآبادی، ١٣٦٨: ٢٣١-٢٣٢).

بە پێی ماددەکانی ئەم پەیماننامەیە، ڕووباری ئاراس وەک سنووری پەسەندکراو لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسـمانی دەسـتنیشـان کرا و بە هۆیەوە شـا تەهماسـبی دووەم بە یەکجاریی دەسـتی لە شـارەکانی گەنجە، تفلیس، ئیروان، نەخجەوان، شـەماخی و داغستان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەڵگرت. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی لە شارەکانی تەورێز، ناوچەکانی میرنیشـینی ئەردەڵان و بەشـێک لە ویلایەتی کرماشـان و هەمەدان و لوڕسـتان پاشەکشـەیان کرد و ئەم ناوچانە گەڕانەوە بۆ سـەر سنووری دەوڵەتی ئێران. لەم پەیماننا مەیەدا چەند ماددەیەک لە بارەی زیارەتکارانی شـوێنە پیرۆزە ئایینییەکانی شـیعە مەزهەبەکـان لە عێراق، ئـالو گۆڕە بـازرگـانییەکـان و هەروەهـا کردنەوەی کونسـولگەریی لە ئەسـتەمبۆل و ئەسـفەهان، تەرخان کرابوو. بەڵام بە هیچ شـێوەیەک ئاماژە بە چۆنیەتی ئالۆگۆڕی دیلەکانی شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەت نەکرابوو (سایکس، ١٣٨٩: ٢/ ١٠٤٧).

دیارە ئەم بـابـاتە دواتر بوو بە هۆی تووڕەبوونی نـادرقولی لە شـاتەهماسـب و وەفدی جێبەجێکاری ئەم پەیماننامەیە، چونکە بە باوەڕی نادر سـەرەڕای دەسـت هەڵگرتن لە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە سـنوورییە گرنگە کانی باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێران، نەدەبوایە بە هیچ شـێوەیەک بابەت دیلەکان پشـت گوێ خرابا. هەر بۆیەش نادر بە فەرمیی رایگەیاند کە پەیماننامەکەی قبووڵ نییە و بە هیچ شـێوەیەک ناچێتە ژێر بـاری جێبەجێکردنیەوە. لە لایەکی دیکەوە یەکێ لە مـاددەکانی پەیمـاننـامەکە بە

پێی نەریتی "**ئاریپالیق**[٦]" بریتی بوو لە دەســت هەڵگرتنی ئێران لە ٧ ناوچەی هەرە پرپیت و ئاوەدانی ویلایەتی کرماشـــان بۆ ئەحمەدپاشـــای والی بەغدا، کە ئەمەش ببووە هۆی توورەبوون و دڵگرانبوونی زۆری نادرقولی لە شـاتەهماسـب و دارودەسـتە بێ ئەزموونەکەی. زۆری پێنەچوو ئەم دوو هەڵویســـتە ناوازە و ئـازایانەکانی نـادر بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشەویستیی لە نێو هێزە چەکدارەکان و سەرۆک خێل و سەرکردەی هۆزەکان و هێدی هێدی ڕێگەی خۆشــکرد بۆ ئەوەی پلان دابرێژێت بۆ لابردن و دوورخســتنەوەی هەتاهەتایی شاتەهماسب لە تەختی دەسەڵات (سردادور، ١٣٥٤: ٣١٩).

لە دەســـتدانی ناوچە گرنگەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران و پێدانی هەموو جۆرە مافێک بە عوســـمانییەکان لە لایەک و لاوازی و پەشـــۆکاوی کەســـایەتی شاتەهماسب و رابواردن و خۆشگوزەرانی بەردەوامی شا، کۆمەڵێ بیانوویەکی بەهێزبوون تاکو نادرقولی خانی ئەفشـــار دوای وەرگرتنی رەزامەندی ســـەرۆک خێڵە گەورەکان و سەرکردەی هۆزەکان و ئینجا سەردارانی سوپاکەی و بەشێک لە کاربەدەستە باڵاکانی دەرباری شـــاهی، بریاری لادانی شـــاتەهماســـبی دووەم لە تەختی دەســـەڵات بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. نادر دوای لادانی شـا و هەڵبژاردنی کوڕە شـیرخۆرەکەی بە ناوی "**شـا عەبباسی سێیەم**" بە پاشایەتی ئێران، خۆی وەک جێگرەوەی شا دەستنیشان کرد، بەڵام لە راسـتیدا تاکە فەرمانڕەوای ئەو کاتی ئێران هەر خودی نادر خان بوو. دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە، نادر بە ســـوپایەکی گرانەوە بە مەبەســـتی گەڕاندنەوەی ســـەرجەم ناوچە دابڕێنراوەکان ڕووی لە ڕۆژئاوای ئێران کرد (هنوی، ١٣٦٥: ٩٨).

نادر لە سـاڵی ١٧٣١لە ڕێگەی لوڕسـتان و هەلیلانەوە خۆی گەیاندە دەوروبەری کرماشـان و لە لایەن سەرۆک خێڵە گەورەکان و سەرکردەی هۆزەکانی ئەم ویلایەتە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا (مروی، ١٣٧٤: ١٥٢/١-١٥٤). خەڵکی کرماشـــان بۆ پێشـــاندانی هەســـتی خۆشەویستی و پاڵپشتیکردن لە نادر خان بە کوشتنی حاکمی دەستنیشانکراوی والی بەغدا لە کرماشان و دەست و پێوەندەکانی، تۆڵەی کوژرانی سەفیقولی خانی فەرماندەی پێشـــووی خۆیان کە لە کاتی بەرگریکردن لە قەڵای کرماشـــان بە دەســـتی تورکە عوســـمانییەکان کوژرابوو، کردەوە (هنوی، ١٣٦٥: ٩٨؛ دوکلوســـتر، ١٣٦٤: ٩٨). کاتێک نادر لە کرماشـان چاوەڕێی گەیشتنی باقی هێزە سەربازییەکانی سوپاکەی دەکرد، لە ڕێگەی چاوســـاغەکان هەواڵی ئامادەکاری ئەحمەد پاشـــای باجە لانی حاکمی دەســـتنیشـــانکراوی والی بەغدا لە زەهاوی پێ گەیشـــت کە گوایە بەتەمایە نەهێڵێ سـوپای نادر هیچ جەموجۆڵێکی فراوانخوازی لە ناوچە سـنوورییەکانی ڕۆژئاوادا بکات. بە گەیشـــتنی ئەم هەواڵە خانی ئەفشـــار بە دانانی عەبدولباقی خانی زەنگەنە وەک

حاکمی نوێی کرماشـــــان بە چواردە هەزار جەنگاوەری ئامادە و بە ئەزموونی خۆی، گەیشتە قەڵای زەهاو و دوای شەڕێکی سەخت توانی دەست بە سەر قەڵاکەدا بگرێت و ئەحمەد پاشـــای باجەلانیش ئەگەرچی لە ســــەرەتادا توانی هەڵبێت و گیانی خۆی لە مەترسی کۆژران رزگار بکات، بەڵام دواتر بە دیلی کەوتە دەست جەنگاوەرانی کەلهوڕ و بە دەســـتبەســـتراوی رەوانەی بارەگای نادر کرا (مروی، ١٣٧٤: ١/ ١٥٢-١٥٤). دوای ئەم سەرکەوتنە گرنگە و دەستبەسەر داگرتنی زەهاو و ناوچەکانی دەوروبەری، بە فەرمانی نادر، لە دەوروبەری قەڵای زەهاو، ژمارەیەک بورج و بارووی بەرز و شووورای بەهێزیان دروست کرد و هێزێکی ســـەربازی تۆکمەش بۆ پاراســـتنی ئەم ناوچەیە و ڕاپەڕاندنی کاروباری قەڵاکە دامەزران (اســـترآبادی، ١٣٦٨: ٢٥٢-٢٥٣). بە رزگارکردنی زەهاو و ناوچەکانی دەوروبەری کە خاڵی ســنووری نێوان ئێران و عوســـمانی بوون، ویلایەتی کرماشـــان هەتا کۆتایی ســـەردەمی نادرشـــا، تاکە پێگەی ســـەرەکیی ســـەربازیی ناوبراو بوو بۆ بەرگری کردن لە سنوورەکانی رۆژئاوای ئێران.

## هەڵبژاردنی عەبدولباقی خانی زەنگەنە وەک باڵوێزی ئێران و ناردنی بۆ دەرباری عوسمانی:

سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی نادر لە بەرامبەر عوسمانییەکان و رزگارکردنی ناوچە ســـنوورییە کانی رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای ئێران، بە تایبەتی لە هەرێمی قەوقاز، دەرفەتێکی لە باری بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی لە نێوان هەردوو بەرەی شەڕکەردا هێنایە ئاراوە. بۆ ئەم مەبەســـتە نادرخانی جێگرەوەی شـــا، عەبدولباقی خانی زەنگەنەی والی کرماشان، کە یەکێ لە دەستەبژێرە کارزان و لێهاتووەکانی سەردەمی خۆی بوو، وەک باڵوێزی دەوڵەتی ئێران ڕەوانەی پایتەختی عوســـمانی دەکات. خانی زەنگەنە لە کاتی ڕێوڕەســـمی تاج لەســـەرنانی نادرشـــا لە دەشـــتی مۆغان لە ســـاڵی ١٧٣٦، بە هاوڕێیەتی گەنجعەلی پاشـــای باڵوێزی دەوڵەتی عوســـمانی لە ئێران و والی موســـڵ، بە مەبەســـتی بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی گەیشتنە بارەگای شای تازەی ئێران (قدوسی، ١٣٣٩: ٢٩١).

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەســـمی تاج لەســـەرنان، نادرشـــا لە نێوان ســـەرجەم کاربەدەســـتە باڵاکانیدا تەنیا عەبدولباقی خانی زەنگەنەی هەڵبژارد و بە ســـەرکردایەتی وەفدێکی باڵا، کە لە ئەبولقاســـمی کاشـــی و مەلا عەلیئەکبەری مەلا باشـــی پێکدەهات، بەرەو دەرباری دەوڵەتی عوســـمانی بەڕێکرد. ئەم وەفدە هاوکات لە گەڵ خۆیان کاروانێکی فیل و کۆمەڵێک دیاریی گرانبەهایان پێ بوو، کە نادرشـــا بە مەبەســـتی کردنەوەی

لایەڕەیەکی تازە و بەستنی پەیمانێکی نوێ و سەلماندنی نییەتپاکی خۆی بۆ سوڵتان مەحموودی یەکەمی عوسمانی (١٧٣٠-١٧٥٤) ناردبوو. نادر شای ئەفشاری فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئێران لە نامەیەکدا، کە بۆ سودری ئەعزەمی دەوڵەتی عوسمانی نووسیبووی، عەبدولباقی خانی زەنگەنەی باڵوێزی خۆی ئاوا ناساندبوو:"**بەڵام بۆ ئەوەی ڕاپەڕاندن و سەرگرتنی ئەم کارە خێرۆمەندەی [ئاشتی و پێکهاتن] کۆمەڵێک دەسکەوت و ئاکامی باشی هەبێ بۆ دنیای پێشین و پاشینی ئەم دوو دەوڵەتە مەزنە، گەورە میری بە شان و شکۆ و بەختەوەر، عەبدولباقیخانی زەنگەنەی والی ویلایەتی کرماشان، کە یەکێکە لە میرانی بەرزەجێ و باوەڕپێکراوی ئێمەی بەرزەشانی خۆشفەڕ، وەکوو ڕاسپاردە و باڵوێز هەڵمانبژارد و ناردمانە دەرانەی کۆشکی سەرچاوەی دادپەروەریی دەوڵەتی عوسمانی**"(نصیری، ١٣٦٤: ٨٨).

وەفدی ئێرانی ڕاسپێردرابوو کەوا سەرەتا هەواڵی پاشایەتی نادرشا بدەن بە کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئینجا لە بارەی پرسەکانی سیاسی و ئایینی نێوان هەردوو دەوڵەت گفتگۆ بکەن، لە وانە پەسەند کردنی مەزهەبی جەعفەری لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و بەشداریکردنی نوێژخوێنانی ئێرانی لە یەکێ لە گۆشە کانی کەعبەی پیرۆز تاکو لە گەڵ حەجکەرە سوننە مەزهەبەکانی دیکەی موسوڵمان هاوشان بن. هەڵبژاردنی میری زیارەتکارانی ئێرانی (امیر الحاج) و هاوشانکردنی لە گەل میرانی دیکەی شام و میسر و هەروەها گۆڕینەوەی دیلەکان و سەرلە نوێ دەستپێکردنی پێوەندییە بازرگانییەکان لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، لە ئەرکە گرنگەکانی دیکەی وەفدەکە بوو (استرآبادی، ١٣٦٨: ٣٦٥). عەبدولباقی خان و گەنجعەلی پاشای باڵوێزی عوسمانی لە ئێران دوای پێنج مانگ گەیشتنە ئەستەمبوڵ و بە پێی بەرنامە و ڕاسپاردەی پێشین گفتوگۆکانی ئایینی خرابووە ئەستۆی شێخولئیسلام و مەلاباشی و دانوستانە دیپلۆماسییەکانیش ئەرکی خانی زەنگەنە بوو. لە ڕاستیدا نادرشا بە ڕاسپاردنی ئەم ئەرکە قورسانە بەتەما بوو تاکو سەرجەم کێشە هەڵواسراوەکانی ئەوکاتی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا لە ڕێگەی هەوڵەکانی ئەم وەفدەوە چارەسەر بکرێ (شعبانی، ١٣٧٦: ١٨٧).

لە بەرامبەر ئاماژەی مێژوونووسانی دەرباری نادر شای ئەفشار بە نسبەت چوونی وەفدی ئێرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولباقی خانی زەنگەنە بۆ عوسمانی، هاوکات وەقعەنووسە دیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی (سوبحی، سامی و شاکر)یش ٤٧ ساڵ دوای تێپەڕبوون لەم ڕووداوە و لە ساڵی ١٧٨٣دا باسیان لە چۆنیەتی هاتن و قۆناغەکانی ئەم سەفەربەرە و گەیشتنیان بۆ ئەستەنبوڵ دەکەن و ڕۆڵی عەبدولباقی خانیش لە گشت دانیشتنەکانی

ئەم وەفدە باڵایە کە لە ماوەی مانەوەیان لە ئەستەنبوڵ هەشت جاران لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کۆبوونەتەوە بەرز دەنرخێنن. بە پێی ئاماژەکردنی ئەم وەقعەنووسانە دیارە کاربە دەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی دوای بیستنی مەرجەکانی وەفدەکە و وەرگرتنی راو سەرنجی سوڵتان مەحموودی یەکەم(١٧٣٠-١٧٥٤) جگە لە خاڵی مەزهەبی جەعفەری، زۆربەی پێشنیارەکانی وەفدی ئێرانیان پەسەند کردووە و وێرای دانەنان بە فەرمانڕەوایی نادرشای ئەفشار لە بوارەکانی دیکەشدا نەرمیان نواندووە و دوای گۆڕینەوەی دیارییە تایبەتییەکان و واژۆکردنی پەیمانێکی ئاشتیی و تەبایی لە نێوان هەردوو لادا وەفدەکە بە دڵخۆشی بەرەو ئێران گەڕاوەتەوە (صبحی و سامی و شاکر: ١١٩٨: ٨٨-٩١).

ئەم زانیارییانە دواتر لە ماستەرنامەیەکی زانستی کە ساڵی٢٠١٢دا پێشکەشی بەشی مێژووی زانکۆی مەرمەڕەی تورکیا کراوە بەم شێوازە تێروتەسەڵە باسیان لێوە کراوە: "وەفدی ئێرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولباقی خان و هاوڕێتی گەنجعەلی پاشا لە ڕێکەوتی ٢٣ شەوالی ٧/١١٤٨ ئاداری ١٧٣٦لە دەشتی مۆغان بەڕێدەکەون و لە ڕێکەوتی ١٢ذی الحجە ٢٤/١١٤٨ نیسانی ١٧٣٦دەگەنە ئەرزەڕۆم و دوای ٢٨ ڕۆژ مانەوە لە وێ بەرەو ئەستەنبوڵ بەڕێدەکەون لە٣ربیع الاول ١٢/١١٤٨تەمووزی ١٧٣٦دەگەنە ئسکۆدار و دوای دوو ڕۆژ دەگەنە ئەستەنبوڵ و لە ئەنجامدا لە کۆشکی "**کادیریا**" لە کەنارەکانی گەرووی بسفۆر دادەمەزرێن(Sevinç , 2012: 22) . بە پێی ئاماژەکردنی ئەم سەرچاوەیە لە هەر هەشت کۆبوونەوەی نێوانیان وەفدی عوسمانی لەم سێ کەسانە پێکهاتبوو: "**محەممەد ساحیب ئەفەندیی ئیمامی سوڵتان، نائیب ئەحمەد ئەفەندیی قازی عەسکەری ئەنادۆڵ و عەبدوڵڵا ئەفەندیی قازی پێشووی قاهیرەی ئەمین ئەلفەتوای ئەو کاتە**" توێژەر لە درێژەی بابەتەکەیدا دووبارە زانیارییەکان سەبارەت بە ڕەزامەندیی تەواوی سوڵتان مەحموودی یەکەم لە سەر داواکارییەکانی وەفدی ئێران سەبارەت بە زیارەتکاران و دیلەکان و ناردنی کۆنسوولەکان دووپات دەکاتەو و هاوکات ئاماژە بەوەش دەکات کە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی مەزهەبی جەعفەری لە لایەن سوڵتانەوە، دەوڵەتی عوسمانی بڕیار دەدات شاندێک لە گەڵ عەبدوڵباقی خان بنێرێت بۆ لای نادرشا، کە دیارە خانی زەنگەنە جەختی کردۆتەوە کە دەبێ سەرۆکی شاندەکە پلەی وەزیری هەبێت، بۆیە سوڵتان مەحموودیش بەوە ڕازی دەبێت و دوای بەخشینی پلەی وەزیری بە "**قەرە محەممەد پاشای میراخۆر**" دەیکات بە سەرۆکی ئەم شاندە و بە هاوڕێیەتی عەبدوڵڵا ئەفەندیی ئەمین فتوای پێشوو و خەلیل ئەفەندیی ئەمین فتوای ئەو کاتە" لە گەڵ عەبدولباقی خانی زەنگەنە بەرەو دەرباری نادرشا ڕەوانەیان دەکات (Sevinç , 2012: 23- 24).

له لایەکی دیکەوە توێژەرێکی تورک بە ناوی "Uğur kurtaran" لە گۆڤارێکی زانستی مێژوویی وێرای دووپاتکردنەوەی زانیارییەکانی پێشوو، ئاماژە بە وە دەکات کەوا دوای گەیشتنی وەفدی ئێرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولباقی خان لە ڕێکەوتی ٣ رەبیع الاول ١١٤٨/ ١٢تەمووزی ١٧٣٦خانی زەنگەنە سێ نامەی تایبەتی بە واژۆ و مۆری نادرشای ئەفشاری بۆ سوڵتان مەحموودی یەکەم و سەدری ئەعزەم و شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی پێبووە، کە لە یەکەم گەڕی دانیشتنەکاندا پێیانی داوە. دیارە کۆی ئەم دانێشتنانە هەشت جاران دووبارە بوویتەوە و کۆتا گەڕی دانیشتنەکانیش لە ڕۆژی ١٨جمادی الاول ١١٤٩/ ٢٤ ئەیلوولی ١٧٣٦بووە (kurtaran, 2011: 3/3/ 192-194).لە کۆتاییدا ئەگەرچی نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی پێشنیارە مەزهەبییەکانی وەفدی ئێرانیان پەسەند نەکردووە، بەڵام عەبدولباقی خانی زەنگەنە دوای وەرگەرتنی ڕەزامەندی نادرشا، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پەیماننامەیەکی تازەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژۆ و مۆر دەکات. بە پێی ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەیە دەوڵەتی عوسمانی دانی بە پاشایەتی نادرشا و دەوڵەتە تازەکەی ناوە و سنوورەکانی هەر دوو وڵاتیش بە پێی مادەکانی پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩دەستنیشان کراون (قدوسی، ١٣٣٩: ٣٨٠). بەم شێوەیە شەر و ململانێی نێوان ئێران و عوسمانی بە درێژایی ساڵانی (١٧٢٩-١٧٣٦) کۆتایی هات و تەنیا کێشە و پرسەکانی مەزهەبی بێ چارەسەر مانەوە.

شاینی باسکردنە کەوا، نادر شا لە دواساڵانی فەرمانڕەوایەتی خۆی بە ئاواتی دەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی بەغدا و شکاندنی هەیبەت و شکۆی دەوڵەتی عوسمانی لەوێ، جارێکی دیکە لە ساڵی ١٧٤٣هێرشی کردە سەر قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە و لە ئەنجامی کۆمەڵە شەڕێکیماڵوێران تەنیا توانی بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوچەکانی کەرکووک، هەولێر و موسڵ هەندێ سەرکەوتنی کاتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بە ئاواتی خۆی بگات و بەغدا داگیر بکات. دیارە لە سەرجەمی ئەم لەشکرکێشییانەدا هێزەکانی ویلایەتی کرماشان بەشێکی هەستیاری لەشکری نادرشایان پێک هێناوە (اوتر، ١٣٦٢: ٧٣). دوای کوژرانی نادرشا لە ساڵی ١٧٤٧لە ناوچەی قووچانی سەر بە هەرێمی خوراسان، تاکو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن کەریم خانی زەندەوە (١٧٥١-١٧٧٩) پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی دۆخێکی ئارام و سەقامگیری نەشەڕ و نە ئاشتییان بەخۆیەوە بینی، لە بەر ئەوەی کە لەماوی ساڵانی کوژرانی نادرشا هەتا دەستەمۆکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە لایەن کەریم خانەوە (١٧٤٧-١٧٥١) کە بە سەردەمی پاشاگەردانی و نەبوونی هیچ جۆرێ دەسەڵاتێکی ناوەندی لە

ئێران دەناسرێت، پێ دەچێت هیچ کام لەم دوو وڵاتە تاقەتی جارانی هێرشبردنە سەر ناوچەکانی یەکتریان نەمابوو، بۆیە دۆخەکە بە ئاشتییەکی نەنووسراو دا تێدەپەڕی.

**ئەنجام:**

- ئەگەرچی ویلایەتی کرماشان بە هۆی هەبوونی پێگەیەکی جەماوەری و جێگەی جوگرافیایی و تایبەتمە ندییە ستراتیژییەکانی بە درێژایی مێژوو و بە بەردەوامی گرنگایەتیی خۆی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی بە دیارکەوتنی نادر لەسەر شانۆی سیاسی ئێرانی دوای رووخانی دەوڵەتی سەفەوی و هێرشی ئەفغانەکان و بە تایبەت دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، ئەم ویلایەتە گرنگایە تییەکی لە رادەبەدەری بەخۆیەوە بینی. هەر بۆیەش فەرمانڕەوای ئەفشار دوای مقۆرکردنی دەسەڵاتی ناوەندنی و شکاندنی سوپای هێرشبەری عوسمانی، فەرمانی دا بە دروستکردنی قەڵایەکی سەخت و پتەو لەم ویلایەتە تاکو وەک پێگەیەکی بەهێزی سەربازیی لە بەرامبەر هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عوسمانی سوودی لێ وەربگرێت.
- هاوسنووری ئەم ویلایەتە بە ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و نزیکبوونی کرماشان بە ویلایەتی بەغدا و کەوتنە سەر شارێگەی ئابووری بازرگانی خوراسان بۆ بەغدا یەکێکی دیکەی تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ویلایەتە بوو، کە لە روانگەی نادرشای ئەفشارە وە دەبوایە بە هەند وەربگیرابایە تاکو بە سوودوەرگرتن لەم تایبەتمەندییانە کرماشان وەک شوورایەکی پۆلایین لە بەرامبەر هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عوسمانی بەرگریی لە هەیبەت و شکۆی فەرمانڕەوای ئەفشار و قەڵەمڕەوەکەی بکردایە.
- هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و هۆزە جەنگاوەرە کوردییەکانی وەک، زەنگەنە، کەڵهوڕ، جاف، گۆران، سنجاوی، هۆزەکانی وەند و چەندانی دیکە، کە یەکێ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سوپای یەکگرتووی فەرمانڕەوای ئەفشار بوون، بە هۆی ئەزموونی زۆر و هێزی شەڕوانییان لە سەرچاوە مێژووییەکان دا وەک یەکێ لە سوپا جەنگاوەرە ناوازەکانی لەشکری نادرشا لە قەڵەم دراون، هەر بۆیەش شای ئەفشار، بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی گرنگییەکی زۆری بەم ویلایەتە و دانیشتوانە جەنگاوەرەکانی داوە.
- لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نادرشای ئەفشارەوە، جگە لە بواری سەربازی، ژمارەیەک لە دەستە بژێر و سەرکردەی ئەم خێڵ و هۆزانە لە بوارەکانی کارگێڕی و سیاسی و دیپلۆماسییەوە رۆڵی کارایان لە بەڕێوەبردنی کارەکان و راپەڕاندنی ئەرکە راسپێردراوەکانیان دا هەبووە و جێ دەستییان لە مێژووی دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی

نادرشاوه به باشی نرخێنراوه. له وانه حوسێنقولی خانی زەنگەنەی والی کرماشان و عبدولباقی خانی زەنگەنەی باڵوێزی ئێران له دەوڵەتی عوســـمانی که جگه لەم ئەرکه گرنگانه هاوکات سەرۆکی خێڵ و فەرماندەی سوپای سەربازیی ناوچەکانی خۆیان بوون و لەکاتی جەنگ و هێرشی نەیارەکاندا، دەبوایه به هەموو هێز و توانای خۆیان بەرگری له ناوچه سنوورییەکانی ویلایەتی کرماشانیان بکردایه.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم ناوچەیه بەشێك بوو له میدیا و له دوای هێرشـەکەی ئەسـکەندەری مەقدوونی وەك سـەنتەرێکی کاریگەری گەوره (سـاتراپنشـین) دەژمێردرا. دوای سـەرهەڵدانی ئیسـلام، کرماشان که تا ئەو کات سەر به هەرێمی دینەوەر بوو، له رووی کارگێری و سیاسییەوه کەوته ژێر دەســەڵاتی حکومەتی کوفه و له گەڵ دروســتبوونی حکومەتی بنەماڵەی ئالی زیار، له گەڵ هەمەدان به یەك دەسەڵاتی سیاسی دەژمێر درا. له سەردەمی سەلجوقی و موغۆلەکانیش بوو به بەشــێك له کوردســـتان که بەیەکەوه "**هەرێمی جبال**"یان پێ دەگوت. بۆ زانیاری زیاتر بروانه: (سلطانی،١٣٨١: ١/ ١-٧٥).

٢- **زەنگەنە:** یەکەمین ســـەرچاوه که باســـی خێڵی "**زەنگەنە**" دەکات، کتێبی"**منتخب التواریخ**"ی معین الـدین نطنزییه، که له زنجیره کتێبه مێژووییەکـانی ســـەردەمی تەیموورییەکانه، ناوبراو تێیدا زەنگەنه وەک بەشـێک له قەڵەمڕەوی ئەتابەکانی لوڕ له قەڵەم دەدات(نطنزی، ١٣٣٦: ١٤٠). هەرچی میر شەرەفخانه، خێڵی زەنگەنه به یەکێک له سێ باڵی سەرەکی کوردانی ئێران دەزانێ و بەم شێوەیه باسیان لێوه دەکات و دەڵێت:"له سەردەمی شائیسماعیلەوه دەستیان به پلەی بەرز ڕاگەیشتووه و هاوشانه کانیان ئیرەییان پێ بردوون، کاتێک تەواوی میر و مەزنەکانیان تێداچوون، پۆل پۆل سەریان وەبەر میرانی قزڵباش هێناوه و له عێراق و خوراسان چوونه ژێر ڕکێفیان و تاقمێکیان کەوتوونه ڕیزی پاســـەوا نانی پایەبەرزی پادشـــاوه (بدلیســـی، ٢٠١٧: ٥٠٩). هەرچۆنی بێ خێڵی زەنگەنه یەکێک له خێڵه گەوره و ڕەســـەنەکانی کورده، که هەندێ له توێژەران پێیان وایه کەوا ئەم ناوه له شوێن و زێدی ڕەسەنی ئەم خێڵەوه هاتووه و هەندێ کەسی تریش پێیان وایه کەوا زەنگەنه له کەســـایەتییه ئەفســـانەییەکانی ئێران بووه (ســـلطانی،١٣٨١: ٢/ ٦٤٩). دیاره نشینگەی دێرینی ئەم خێڵه دەکەوێته باشووری کوردستان و هەر له وێوه له ئەنجامی گوڕانکارییه ســیاســییەکان، دابەشـبوونەته ســەر هەر دوو بەشــی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی مێژوونووسانی کورد و بیانی له سەر ئەوه کۆکن، کەوا زەنگەنەکان یەکێکن له هۆزه ڕەســەنەکانی کورد. ئەو خێڵه له شـــاری کەرکووك و خانەقین و کفری و ناوچەکانی دەوروبەری نیشـــتەجێن، جگه له

وەی بەشـــێکی دیکەشـــیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە شـــاری کرماشـــان نیشـــتەجێبوونە(مردوخی، ١٣٧٩: ١٠٦). هەر چەندە مێژووی کۆچکردنی ئەو خێڵە بۆ ناو خاکی ئێران دیار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هەندێك لە مێژوونووســـان پێیان وایە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاڵاوی مەغۆڵەکان بۆ سەر ناوچەکە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٣ز. بۆیە بەشـــێك لەو خێڵە لە ژێر کاریگەری ئەو شـــاڵاوەدا ناوچەکانی خۆیان بەجێ هێشـتووە و لە باکووری ئێران و ناوچەی ئازەربایجان نیشـتەجێ بوونە (توحدی، ١٣٦٤: ٢/ ١٠٣).

٣- **خێڵی کەلهوڕ** یەکێکە لەگەورەترین خێڵەکانی کورد(راولینســـون،١٣٦٢: ٣٨)، کە لە باکوورەوە لە گەڵ هۆزەکانی گۆران، گۆرانی بان زەردە و لە باشوور لە گەڵ پارێزگای ئیلام و لە ڕۆژئاوا لەگەڵ کوردستانی باشوور (مەندەلی و خانەقین)، لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ هۆزەکانی زەنگەنە و سەنجاوی لە ماهیدەشت، کە دەکەوێتە باشوری شاری کرماشان هاوسنوورە(کتابچە ایلات کرمانشاه، ١٣٠٣: ٧-٨). لە بارەی ناوی ئەم هۆزە کوردە ڕەسەنە، هەندێ کەس لەو بڕوایە دان کە دەبێت لە شـــێواز و ڕیشـــەی ئەم ناوە ورد ببینەوە تا بتوانین بە شـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت واتای ناوەکە ڕاڤە بکەین. وشـەکە وشـەیەکی لێکدراوە و لە دوو وشـــەی "**کەڵ**" و "**هوڕ**" یان"**هڕ**" پێکدێت، کە بە چەند شـــێوەیەک دەگووترێت ، وەکو "**کەلهوڕ، کەڵهڕ، کەڵڕ**"، راولینســـۆن پێی وایە کە نشـــینگەی ســـەرەکی ئەم خێڵە شـــاری "**کالح**"ی ئاشـــوورییەکانە و ئەم ناوەش لە وێوە هاتووە (راولینســـون، ١٣٦٢: ٢٢-٢٣)، بەڵام لە زمانی کوردی دا کەڵ بە واتای ئادراو کێوی نێر دێت و لە تـایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژەڵە بوێری و خۆڕاگری چوســـت و چالاکی و تووندڕەوییە، بەشـی دووەمی وشـەکە "**هوڕ یان هڕ**" لە گشـت فەرهە نگەکاندا بە واتای "**خۆر، خورشـــید، ئـافتـاو، هەتـاو**" لێکدراوەتەوە و لەتـایبەتمەندییە کانی (**خۆر = ڕۆژ**) تووندی درەوشـــا نەوەیە (**معصـــومی**، ١٣٥٤: ٥٩). لە مەڕ وشـــەی کەلهوڕ چەند تێبینی و بۆچوون هـەیـە، کـە هـەنـدێك بە کـەڵور و کـەلهوڕ، کلهوڕ نێوی دەبـەن، ئـەوەی دیـارە کەلهوڕ لە دوو بەش واتە کەڵ و هوڕ پێکهاتوە، کە کەڵ مانای کەڵی کێوی (بزنی کێوی) و هوڕیش مانای خۆڕ بەخۆی دەگرێت. ســـەرچاوەیەکی دیکە دەمانباتەوە بۆ ســـەردەمی زەردەشـــت، کە کەلهوڕ لەگەڵ ئەهورا هاتووە، واتە گەورە ئەهوار یان خودای گەورەکان، لە ســـەرچاوە کۆنەکانیش لە ســـەر تایبە تمەندی ئەم هۆزە باس لە بوێری و خێرایی و شەڕوانی دەکەن (گۆدەرزی، ٢٠١٣: ١٨). زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە خەریکی ئاژەڵداری و کشـتوکاڵن و هەندێکیانیش ڕوویان لە شـار و شـارۆچکە کان کردووە و ژیانی سەردەمیانەیان هەڵبژاردووە. لەم شوێنە بە گەورە و سەرخێڵ "**ئیلخان**" دەوترێت، کە ڕێز و حورمەتی تایبەتی هەیە. دواى ڕووخانی دەوڵەتی ســاســانی و هێرشــی عەرەب بۆ ســەر

کوردســـتان ئەم ناوچەیە کەوتۆتە ناو ململانێی شـــەڕ و وێرانی زۆر و بەشـێکیان وەکو ئایین یارســـانی، کە ئایینی ڕەســـەنی کوردییە و ئێســـتایش وەکو یارســـان ماونەتەوە و زۆرینەی ئەم ناوچەیە دەچنە سەر مەزهەبی شیعە و لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوییە، هەر لە دەشــتی خانەقین دەســـەڵاتی خۆی هەبووە (گۆدەرزی، ٢٠١٣: ١٩). لەلایەکی دیکە شـێخ یوسفی عەجەمیی گۆرانی(٧٦٨ک/ ١٣٦٧ز)، کەلهوڕ بە ناوچە یەکی جوگرافیایی زێدی سـەرەکی خۆی دەناسـێنی و تەنانەت گەڕۆکی عوسـمانی میتراقی زادەش "**کەلهوڕ**" هەر وەک شــــوێن ناســـــاندوو یەتی(مطراقی زادە، ٢٠٠٣: ٧٤). دیارە دواتر ئەو تیرە و خێڵ و بنەماڵانەی لەو شوێنە نیشتەجێ بوون بە کەلهوڕ ناسراون. میر شەرەفخانی بدلیسی لە سـەر حوکمی کەلهوڕ دەڵێت کە سێ فەرمانڕەوای گەورەیان هەبوو ١. قەڵای پاڵنگان ٢. دەرتنگ (زەهاو). ٣. مایەشت (ڕۆژئاوای کرماشان).

٤- **هۆزە وەندییەکان:** مەبەســـــت لەو هۆزە کوردییە کۆچەرەکانی نێوان هەردوو ویلایەتی کرماشـــان و لوڕســـتانە کە پاشـــخانی "**وەند**" بە ناوەکانیانەوەیە لە وانە: "جەلال وەند، جەلیل وەند، کاکا وەند، باڵا وەند، ئەحمەد وەند، بێیران وەند، عوســـــمان وەند و ..."بۆ زنیاری پتر بڕوانە:(سلطانی، ١٣٨١: ٤ و٥/ ٢٥٥-٢٥٦).

٥- **قوللرئاقاســـی:** بە واتای فەرماندەی گشـــتی و ســـوپاســـالاری لەشـــکری وڵاتان دێت (مینورسکی، ١٣٦٨: ٢٨).

٦- **ئارپالیق:** لە دەوڵەتی عوسمانی هەتا سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم هیچ جۆرێ واتایەکی دانپێدانراو لە سەرچاوەکان لە بەرامبەر ئەم چەمکە بەدی ناکرێت. بەڵام دواتر بە واتای زیادە موچەیەکی تایبەت بەکارهاتووە کە لە لایەن دامودەزگا کارگێڕی و داراییەکانی دەوڵەتی عوســـمانی چ وەک پارە یاخود کەرەســـتەی خواردن تەرخان دەکرا بۆ هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی سەربازی، کارگێڕی و سیاسی یاخود فەرمانبەرە تایبەتییەکان، کە جارجاریش وەک تیمار پێیان دەبەخشـرا لە بەرامبەر ئەو خزمەتە باش و نایابەیان کە بۆ دەوڵەت هەیان بوو. جاری واش هەبوو کە وەکوو بەشـــە ئەرزاقی مانگانە بۆیان ســـەرف دەکرا. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (استرآبادی، ١٣٦٨: ١٧٤؛ جودت،١٣٠٩: ٢٩١/٤-٢٩٣؛ سعدالدین ١٢٧٤: ٢/ ٥٦٤؛ فریدون بیک، ١٢٧: ١/ ٤٧٢؛ نوری، ١٣٠٩: ٣/ ٨٧؛ مینورســـــکی، ١٣١٣: ٣٠؛ .(Pakalin, 1946: 1/ 84-86

**لیستی سەرچاوەکان:**

**کتێبە بەڵگەنامەییەکان بە زمانی فارسی:**


- کتابچە ایلات کرمانشـــــاه (١٣٠٣ه.ش) **مجموعه ناصـــــری**، پنج جلد، کتابخانه موزه کاخ گلستان، تهران.
- فریدون بیک، احمد پاشا (١٢٧٤ه.ق)، **منشات السلاطین**، دو جلد، استانبول.
- نصـیری، محمد رضـا (١٣٦٤ه.ش)، **اسـناد و مکاتبات تاریخی ایران "دوره افشـاریه"**، انتشـارات جهاد دانشگاهی گیلان، گیلان.


**کتێبە دەستنووسەکان بە زمانی تورکی عوسمانلی:**


- جودت، احمد (١٣٠٩ه.ق)، **اسلام آنسکلوپدیسی**، استانبول.
- سعدالدین، خواجه محمد (١٢٧٤ه.ق)، **تاج التواریخ**، استانبول.
- صبحی و سامی و شاکر (١١٩٨ه.ق)، **تاریخ**، استانبول.
- نوری پاشا، مصطفی (١٣٠٩ه.ق)، **نتایج الوقوعات**، اسلام آنسکلوپدیسی، استانبول.


**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**


- آرنووا، م. ر. و ک. ز. اشـرافیان (١٣٥٢ه.ش)، **دولت نادرشـاه افشـار**، ترجمه: حمید امین، چاپ دوم، نشر شبگیر، تهران.
- آکس وورثی، مایکل (١٣٨٨ه.ش)، **شـمشـیر ایران نادر شـاه**، ترجمه: محمد حسـین آریا، نشـر اساطیر، تهران.
- استرآبادی، میرزا مهدی خان (١٣٦٨ه.ش)، **تاریخ جهانگشای نادری**، دنیای کتاب، تهران.
- استرآبادی، میرزا مهدی خان (١٣٨٧ه.ش)، **دره نادره**، به اهتمام سید جعفر شهیدی، چاپ چهارم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
- اوتر، ژان (١٣٦٣ه.ش)، **سفرنامه**، ترجمه: علی اقبالی، نشر جاویدان، تهران.
- بارتولد، واسیلی ولادیمیروویچ (١٣٨٦ه.ش) **تذکرەی جغرافیای تاریخی ایران**، ترجمه حمزه سر دادور، تهران، توس.
- برن، رهر (١٣٤٩ه.ش) **نظام ایالات در دوره صفویه**، ترجمه کیکاووس جهانداری، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران.
- توحدی، کلیم الله (١٣٦٤ه.ش)، **حرکت تاریخی کرد به خراسان**، ٦ جلدی، نشر واسع، مشهد.
- حزین لاهیجی، محمدعلی(١٣٧٥ه.ش)، **تاریخ و ســـــفرنامه حزین**، به تصـــــحیح علی دوانی، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران.
- دوکلوستر، ا. (١٣٤٦ه.ش)، **تاریخ نادرشاه**، ترجمه: محمد باقر امیرخانی، کتابفروشی سروش، تبریز.
- راولینسـون، س. هنری (١٣٦٢ه.ش) **سـفرنامه راولینسـون (گذر از زهاب به خوزسـتان)**، ترجمه، اسکندر امان اللهی بهاروند، انتشارات آگاه، تهران.

- سایکس، سرپرسی (۱۳۸۹ه.ش)، **تاریخ ایران**، ترجمه: محمد تقی فخرداعی گیلانی، نشر نگاه، تهران.
- سردادور، ابوتراب (۱۳٥٤ه.ش)، **تاریخ نظامی و سیاسی دوران نادرشاه افشار**، چاپخانه ارتش شاهانشاهی، تهران.
- سلطانی، محمد علی (۱۳۸۱ه.ش)، **جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان**، پنج جلدی، نشر سها، تهران.
- شعبانی، رضا (۱۳۷٦ه.ش)، **حدیث نادرشاهی**، با تصحیح، تحشیه و تعلیقا، چاپ چهارم، نشر بعثت، تهران.
- شعبانی، رضا (۱۳۷۸ه.ش)، **مختصر ایران در دوره افشاریه و زندیه**، نشر سخن، تهران.
- شعبانی، رضا (۱۳٦۹ه.ش)، **تاریخ اجتماعی ایران در عصر افشاریه**، چاپ دوم، نشر نوین، تهران.
- غفاری کاشانی، ابولحسن (۱۳٦۹ه.ش)، **گلشن مراد**، به اهتمام غلامرضا طباطبایی مجد، انتشارات زرین، تهران.
- قدوسی، محمد حسین (۱۳۳۹ه.ش)، **نادرنامه**، انجمن اثار ملی خراسان، مشهد.
- گلستانه، ابولحسن محمد امین (۱۳٥٦ه.ش)، **مجمل التواریخ، ذیل زین العابدین کوهمره**، به سعی و اهتمام مدرس رضوی، انتشارات ابن سینا، چاپ سوم، تهران.
- محمدی کلهر، آیت (۱۳۸۲ه.ش)، **سیری در تاریخ سیاسی کرد و کردهای قم**، پرسمان، قم.
- مدرسی چهاردهی، مرتضی (۱۳٤۸ه.ش)، **بغداد و بصره در قلمرو شهریار زند**، بررسی های تاریخی، خرداد تا شهریور، شماره ۲۰ ۲۱، تهران.
- مردوخ کردستانی، شیخ محمد( ۱۳۷۹ه.ش) **تاریخ مردوخ**، تهران، کارنگ.
- مروی، محمد کاظم (۱۳۷٤ه.ش) **عالم آرای نادری**، تصحیح محمد امین ریاحی، نشر زوار، تهران.
- مستوفی، محمد محسن (۱۳۷٥ه.ش)، **زبده التواریخ**، به کوشش؛ بهروز گودرزی، نشر دانشگاه تهران، تهران.
- مطراقی زاده، نصوح بن عبدالله (۲۰۰۳ز) **رحله مطراقی زاده لنصوح السلاحی**، المجمع الثقافی، ابوظبی.
- معصومی، غلامرضا (۱۳٥٤ه.ش) **عروسی در ایل کلهر**، مجله هنر و مردم، شماره ۱٦۰/۱٥۹، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر (۱۳٦۸ه.ش)، **سازمان اداری حکومت صفوی**، با تحقیقات و حواشی و تعلیقات مینورسکی بر تذکره الملوک، ترجمه مسعود رجب نیا، با حواشی و فهارس و مقدمه محمد دبیر سیاقی، انجمن کتاب و کتابفروشی زوار، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر (۱۳۱۳ه.ش)، **تاریخچه نادرشاه**، ترجمه غلامرضا رشید یاسمی، تهران.
- مینورسکی و دیگران، (۱۳۸۱ه.ش)، **ایران در زمان نادرشاه**، ترجمه: رشید یاسمی، گردآورنده: علی اصغر عبداللهی، نشر دنیای کتاب، تهران.

- نطنزی، معین الدین (۱۳۳٦ه.ش) **منتخب التواریخ معینی**، به تصــحیح ژان اوین، کتابفروشــی خیام، تهران.
- ویسی قلعه گینه، فریبرز و آرش قنبری (۱۳۹۲ه.ش)، **نقش کرمانشاهان در تحولات سیاسی و نظامی دوره نادرشاه**، تاریخنامه خوارزمی، سال اول، زمستان، شماره دوم، تهران.
- هنوی، جونس (۱۳٦٥ه.ش)، **زندگی نادر شاه**، ترجمه: اسماعیل دولتشاهی، چاپ دوم، تهران.

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

- بدلیسی، میرشـەرەفخان ( ۲۰۱۷ز)، **شـەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کورد**، وەرگێڕانی سـەلاحە ددینی ئاشتی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- ژاک دمۆرگان، (۲۰۱۲ز) **کوردســـتان لە لێکۆڵینەوەکانی دمۆرگاندا**، وەرگێڕانی ســـەعید خزری، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- گۆدەرزی، عەلی رەزا، (۲۰۱۳ز) **ئێڵی کەلهوڕ لە سـەردەمی مەشـرووتیەت دا**، وەرگێڕانی محسـن بەنی وەیس، ئەکادێمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

### سەرچاوەکان بە زمانی تورکی:

- Nuretin Sevinç ,(2012), **Osmanlı devletinde İran Elçilerin Gelir - Giderleri (1696-1741)**, yüksek lisans Tezi , Marmara üniversitesi.
- Uğur kurtaran,(2011) **Yeni Kaynaklar Işığında sultan 1 Mahmud Dönemi Osmanlı-İran İlişkileri( 1731-1747)**, History Studies, vol 3/3.
- Pakalin, M. Z.,(1946) **Osmanli Tarih Deyimleri ve Terimleri Sözlūgū**, Istanbul.

# الدور السياسي و العسكري لقبائل محافظة كرمانشاه في العلاقة بين إيران و الدولة العثمانية (١٧٢٩-١٧٤٧)

**الملخص:**

شهدت العلاقات بين إيران و الدولة العثمانية العديد من التقلبات و المشاكل المعقدة خلال الأعوام (١٧٢٩-١٧٢٩). و خلال هذه السنوات التي استمرت بعد انتهاء الحكم الأفغاني (١٧٢٢-١٧٢٩) و ظهور نادرقلي أفشار عام ١٧٢٩على الساحة السياسية الإيرانية، حتى وفاة نادر شاه عام ١٧٤٧، و كانت هاتان الدولتان في الغالب في حالة حرب، على الرغم من أن هذه العلاقات شهدت في بعض الأحيان شبه هدوء غير مستقر خلال الأعوام (١٧٣٠-١٧٣٦) و بعد عدة سنوات من وفاة نادر شاه. خلال هذه الفترة، كانت القبائل الكردية الأصلية التي تعيش في محافظة كرمانشاه، والتي كانت مجاورة للإمبراطورية العثمانية بسبب تكوينها الجغرافية و حدودها المحددة مسبقاً، و باعتبارهم حراساً لحدودهم المشتركة، فقد دعموا باستمرار شاه تهماسب الثاني و الشاه عباس الثالث، آخر وريث السلالة الصفوية، ثم نادر شاه أفشار بكل قوتهم العسكرية.

يبدو أن هذا الوضع غير المستقر كان نتيجة التغيرات المعقدة والمؤلمة في السنوات التي أعقبت سقوط الدولة الصفوية والسياسات العدوانية للأفغان، و كانت أيضا نتيجة ظهور نادرشاه أفشان، و غطت المناطق الكردية في شرق كردستان بشكل عام و ولاية كرمانشاه بشكل خاص. وفي هذا السياق حاولنا التركيز على الدور السياسي و العسكري لقبائل محافظة كرمانشاه في العلاقات بين إيران و الدولة العثمانية، خلال السنوات (١٧٢٩-١٧٤٧) و أسباب ظهور و تطور القبائل الكبيرة و المشهورة التي قاتلت ضد العثمانيين كجزء رئيسي من جيش الدولة الإيرانية خلال الحروب و الصراعات و خلال إرساء السلام و الوحدة لعبت نخبتهم البارزة و قادتهم ذوي الخبرة دوراً مهمًا في حل مشاكلهم مع الدولة العثمانية نيابة عن الإيران، لنناقش هذا الموضوع بموضوعية. وفي هذا الصدد تحاول الدراسةتحديد الجوانب المهمة الاجتماعية و السياسية و العسكرية، و حتى الشخصيات و النخب المهمة و مدى الهيمنة السياسية للقبائل و دورها في العلاقات السياسية و العسكرية بين إيران و الدولة العثمانية خلال السنوات (١٧٢٩-١٧٤٧).

**الكلمات الدالة:** *العلاقات الإيرانية و العثمانية، ولاية كرمانشــاه، قبائل زنكنة وكلهور الكبرى، شاتهماسب الثاني الصفوي، نادر شاه أفشار.*

**Political and military role of the tribes of Kermanshah province in relations between Iran and the Ottoman Empire (1729-1747)**

**Abstract:**

Relations between the two states of Iran and the Ottoman Empire during the years (1729-1747) had many ups and downs and a complicated and problematic course. Throughout these years, after the end of Afghan rule (1722-1729) and the appearance of Nader Quli Afshar in 1729 on the Iranian political stage until the death of Nader Shah, the two states were mostly at war, although these relations were sometimes semi-peaceful during the years 1730-1736 and several years after the death of Nader Shah. During this period, the Kurdish tribes and intellectuals living in Kermanshah province, who were under the rule of the Ottoman empire due to its geographical structure and previously defined borders, acted as border guards. Throughout the wars, they supported Shah Tahmasp II, Shah Abbas III, the last heir to the Safavid dynasty, and then Nader Shah Afsar.

Obviously, this unstable situation was the product of the complex and chaotic changes that followed the fall of the Safavid state and the aggressive policies of the Afghans, as well as the consequences of the emergence of Nader Shahs of Afshar who covered the Kurdish areas of East Kurdistan in general and Kermanshah province in particular. In this context, we have tried to focus on the political and military role of the tribes of Kermanshah province in the relations between Iran and the Ottoman Empire during the years (1729-1747) and the reasons that appeared and the development of the large and famous tribes that fought against the Ottomans as a major part of the army of the Iranian state during its establishment. In time of peace, the prominent elite and experienced leaders played a significant role in resolving their problems with the Ottoman Empire as a competent leader on behalf of the Iranian state. We have had to have an objective discussion. In this regard, the research attempts to identify the important aspects of social, political, military and even important personalities and elite and the extent of political domination and identify the tribes and investigate their role in political and military relations between the two states of Iran and the Ottoman Empire during the years (1729-1747).

**Keywords:** *Relations between Iran and the Ottoman Empire, Velayat of Kermanshah, the Great Tribes of Zangana and Kalhor, Shah Tahmasp II the Safavid, Nader Shah Asfar.*